کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیيە
www.kurdistannet.org
9-6-2007 19:01 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## ئەو کەسە کەسە ئەلفێکی بەسە، وەڵامێک بۆ هاوژین حمە رەشید! ... کاوان شەما

زۆر کەس فێر بوون قسەی زۆر لە خۆیان گەورەتر بکەن، بێئەوەی بزانن چی دەڵێن و چیان گووتووە؟! هاوژین خان بەنموونە!! هەر لەسەر حسابی ئەم حکومەتە فێر بوون گەشت دەکەن، بەشداری خولی جۆراو جۆر دەکەن، پارەی مۆڵ و چەور وەردەگرن، پلەی بەرز وەردەگرن زۆر شتی دیکە!! کەچی زۆر بێوژدانیە بۆ ئەوانەی وەك تۆ وان ئەوەندە نمەك حەرام بن! کە دێتە سەر ڕەخنە گرتن، گوێبیستی وشەی وەها دەبم مەگەر هەر لە کۆمپانیای وشە لە قاڵب بدرێت و وەزن و قافیەی بۆ دابنرێت!! لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو وێنەیەکم لە جەماوەر بەدی کرد لەسەر نووسرابوو، وێنەگر هاوژین حەمەرەشید، کە دووکەس لەسەر تەنکەرێکن و بە قەولی هاوژین خانی ڕۆژنامەنووس دەرمان دەرژێننە سەر نەمام و درەختەکان لە لوبنان! وئەوەشی نووسیوە کە نەمامەکانی کوردستان لە بێ ئاویدا وشك بوون!! خوات بێ عەبە بۆ خۆت و ئەو داهێنانەی کە بۆ کوردستانت هێناوەتەوە!! ئیتر ئێمە بۆ ناهەقی ئەو هەموو بەرپرس و فەرخە بەرپرسانە بگرین، کە هەموو جارێك سەردانی دەرەوەی کوردستان دەکەن نە لە کۆڕو نە لە کۆبونەوە نە لە شاشەی تیفیەکانەوە یەك زانیاریمان پێنەگەشتوە!! چونکە ئەوانە بڕیاریان داوە تەنها بۆ ڕابواردن و گەشت وگوزار بچنە دەرەوەی هەرێم؟! خوا خێری هاوژین خان بنووسێنێت، کە ئەم باش بوو ئەوەی بۆ ئاشکرا کردین کە هەرچی نەمام و درەخت و پارك و باخچەکانی کوردستان لە بێ ئاویدا وش هەڵهاتوون و چاویان زەقەی دێت بۆ سەتڵە ئاوێکی دەستی هاوژین خان تا کەمێك ببوژێنەوەو لە زەردەواویەوە بگۆڕێن بۆ سەزەباوی!!

کچی باش نازانم تۆ چۆن بە خۆت ئەڵێت ڕۆژنامەنووس؟! دیارە بێئاگایت، کە ڕۆژنامەنووس دەبێ ڕاستگۆ بێت، بەسەلیقە بێت، وردکار بێت، بێلایەن بێت، ئەمانە بۆ ڕۆژنامەنووس گەلێك پیێویستن، بەڵام لەو وێنەی تۆدا بەدیار کەوت کە فرت بەو خەسڵەتانەوە نیە!! تەنها لە بەر ئەوەی یەك تۆز ویژدانت هەبوایە، بەو ڕەهایە نەت دەنووسی، کە درەختەکانی کوردستان لە بێ ئاویدا وشك بوون؟!!!

هەر لە بەر ئەوەی هەولێر گەورەترین پارکی تێدایە لە کوردستاندا، کە سەوزایەکەی خەریکە ئاوی چاو دەبات نەك ووشك بووە!!

ئەی پارکی گڵکەند، ئەی پارکی منارە، ئەی بۆ ئەو باخچانەی گەڕەکەکانی ناو شاری هەولێر چی دەڵێت؟!!

ئەی بۆ ڕێگای سەلاحەدین و ڕێگای فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێرو سەد مەتری وچل مەتری و ڕێگای گوڵان و ڕێگاکانی دەروازەی پایتەخت چی دەڵێت؟!!

زۆر بێویژدانیە بەو شێوەیە کوردستان بکەیتە سۆماڵ!! ئەوەندەی ئاگادار بم، حکومەتی هەرێم لەم بوارەدا خزمەتێکی زۆر باشی کردوە، بە تایبەتی بەڕێوەبەرایەتی پارك و نافورەو باخچەکانی ناو شاری هەولێر، کەنزیکەی 500 کرێکاری بۆ خزمەتگوزاری نەمام و باخچەکان و گوڵ و گوڵزارەکان دامەزراندوە، ملوێنان دیناریان تیا خەرج کراوە، جگە لە هێنانی هەزاران نەمام و درەختی جۆراو جۆر لە ئێرانەوە بۆ کوردستان.

پێم وایە لە جیاتی وێنەگرتن و گۆشە نووسین بچیت بخوێنیتەوە گەلێك باش دەکەیت، تا زیاتر خزمەت بە خۆت و دارو درەختەکان بکەیت! پێشینان باشیان گووتووە: ئەو کەسە کەسە ئەلفێکی بەسە!!

kawan_shama2000@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.